-------------------------------------------------------------------------------------------------------------------

## ناوەرۆك :

1.ڕێباز
2.لێکۆڵینەوە
3.مەرجەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی
4.کەسی لێکۆڵەر
5.سیفاتی لێکۆڵەر
6.هەڵبژاردنی بابەت
7.قۆناغی پێش پلانی لێکۆڵینەوە
8.پلانی لێکۆڵینەوە
9.کۆکردنەوەی کەرەستەی زانستی و زانیاری
10.شێوازی وەرگرتنی زانیاری و تێبینی لەسەر سەرچاوەکان
11. ڕێبازی لێکۆڵینەوە
12. سەرچاوەکان
13.پرۆسەی نووسین و تەکنیک و شێوازی نووسین

---------------------

## ڕێبازی لێکۆڵینەوە :

**زاراوەکانی ( ڕێباز ، لێکۆڵینەوە )**

**ڕێباز - Method- : بەو ڕێگەیە دەوترێت کە مرۆڤ یان لێکۆڵەر بەکاری دێنێت بۆ گەیشتن بە ڕاستی و دروستی بابەتی بەدواچوو، یان لێکۆڵینەوەکە .**

**وشەی - Method - لە لاتینیدا بە ماناکانی پشکنین و تێڕوانین و زانیاری بەکارهاتووە .**

**زانستی ڕێباز – Methodology - : بە بەشێک لە لۆجیک – منطق - دادەنرێت . مرۆڤ دەمێکە گەڕان و پشکنین و بودواچوونی کردووە بۆ ئەو کێشە و گرفت و بەربەستانەی هاتۆتە ڕێی و هەوڵی داوە هۆکار و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە . زۆر کاتیش گەشتۆتە ئەنجامی دروست و ڕاست و لۆجیکیش . دیارە بۆ ئەم کارەش پیویستی بە ڕێگەی تایبەت بووە ، کە ئەمەش ڕێبازی گەڕان و پشکنینەکەی بووە .**

**ئاشکرایە ڕێبازیش وەک هەر بابەتێکی تر لە سەرەتاوە بە شێوەی سادە و ساکار بووە و لەگەڵ ڕۆژگاردا بەرەوپیش چووە . ڕێگای زانستی و تاقیکردنەوەی بەکارهێناوە . هەربۆیە ئەنجامەکانیش دروستتر و ڕاستر بوون و کارئاسانی بۆ کردووین بۆ چارەسەری گرفت و کێشەکان و بەخشینی مەعریفە و زانست و بەرچاو ڕۆشنکردنەوە و پتر تێگەیشتن لە شتە نادیارەکانی بوون و ژیان .**

**بەمشێوەیە ڕێباز گەشەی کرد تا وای لێهات چەند جۆرێک لە ڕێباز دەرکەوت ، دیارە ئەمەش بەپێی بابەت و زانستە جیاجیاکان ڕێبازیش دەگۆڕێت . هەر زانست و بابەتێک بە پێی سروشتی خۆی ڕێبازێک دەخوازێت، ئەمە لە لایەک لە لایەکی ترەوە هەر نووسەر و ئەدیبێکیش ڕێبازی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ لێکۆڵینەوە و پشکینەکانی بە مەرجێک ڕێبازەکەش بۆ بابەتەکە گونجاو بێت . هەمەجۆری ڕێبازیش بەڵگەی دەوڵەمەندبوونی کارەکەیە . دیارە ئەمەش زەمینەی لەباری دروست بوونی ڕێبازی زانستییە و هاوکات بە لۆجیک بوونی ڕێبازە .**

## مێژووی بەکارهێنای وشەی ڕێباز :

**لە سەدەی (16)هەم بیکۆن - Becom- فەیلەسوفی ئینگلیزی 1561 – 1626 . و لە سەدەی (17) هەم دیکارت - Drcart- ی فەیلەسوفی فەڕەنسی 1596 – 1650 . و لەسەدەی (18)**

**هەم کانت - Cant- فەیلەسوفی ئەڵمانی شوێنێکی دیاریان هەبوو لە - Methodology - زانستی ڕێبازدا. توانیان وەک زانستێک بیناسێنن لە بواری فەلسەفی و زانستەڕووتەکاندا . بەڵام لە سەدەی ( 19 ) هەمدا ئەو سنوورەی بەزاند و پەلی هاویشت بۆ زانیاری و زانستەکانی تر وەک مێژوو و ئەدەب و وەک بابەتێکی زانستی مامەڵەی لەگەڵ کردن .کە پێشتر مامەڵەی لەو شێوەیەیان لەگەڵ نەکرابوو . ئەوەیان سەلماند کە ئەو دوو بابەتە زانستین پێویستیان بە ڕێبازی لێکۆڵینەوە هەیە . بە هەمان شێوە بۆ زانستە مرۆییەکانی تر .**

**سەبارەت بە ئەدەب وەک هەر بابەتێکی مرۆیی تر دەکرێ وەک بابەتێکی زانستی سەیر بکرێت ، چونکە ئەدەب خاوەنی سیما و خەسڵەت و یاسا و ڕیسای تایبەت بە خۆیەتی ، بۆیە دەبێت بە ڕێبازی زانستی لێکۆڵینەوە و پشکنینی بۆ بکرێت تا بە شێوەی دروست ئەنجامی ڕاستی دیاری بکرێت .**

**لێکۆڵینەوە - Research- (توێژینەوە - پشکنین ) : بەمانی بەدواچوون و گەڕان بە دوای ڕاستی بابەتێک و خستنەڕووی دروستی و ڕاستییەکانی ئەو بابەتە. یان تاوتوێکردن و قوڵبوونەوە لە پرسێک یان بابەتێک یان کێشە و گرفتێک و گەیشتن بە ڕاستی و دروستی ئەو پرسە و بابەتە، یان کێشەیە .**

**پرۆسەی لێکۆڵینەوە لە سەرەتای کارەکەوە دەست پێدەکات تا کۆتایی کارەکە و گەشتن بە چارەسەر و ئەنجام و پێشنیازەکان کۆتایی دێت . دیارە ئەم پرۆسەیەش بە پێی پلان و بەرنامە و نەخشە دێتە ئەنجام . بە سوود بینین لە ڕێباز و میتۆدی گونجاو بە بابەتەکە . بۆ نموونە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا زۆرجار سوود لە ڕێبازی مێژوویی وەردەگیرێت . یان سوود لە کەرەستە مێژووییەکان وەردەگیرێت بۆ گەشتن بە ئەنجامی دروست ، وەک هۆکارێکی یارمەتیدەر . ئەمانە لەپاڵ زمان و شێوازی دەربڕین و چنین و دید و فەلسەفە و لایەنی هونەری و جوانکاری دەقەکە .**

## سوودو ئامانجی لێکۆڵینەوەی زانستی چییە ؟

سالانێکی زۆرە لە جیهاندا و لە دامودەزگاو رێکخراوە زانستییەکاندا بایەخێکی زۆر دەدرێت بە لێکۆڵینەوەی زانستی و خەرجییەکی زۆری بۆ دابین دەکرێت . دیارە ئەم بایەخەش دەگەڕێتەوە بۆسوود و گرنگی ئەم بابەتە ، کە خۆی لە چەند خاڵێکدا دەنوێنێ ، لەوانە :

1. لێکۆڵینەوە بنەمای پێشکەوتنی زانستییە . چارەسەری کێشە و گرفتەکان و داهێنانەکان بەرهەمی توێژینەوە زانستییەکانن و ئاکامی ئەو هەوڵ و ماندووبوونانەیە کە لێکۆڵەران ئەنجامیان داوە .
2. توێژینەوە زانستییەکان دەبنە هۆکاری گەشە پێدانی تواناکانی قوتابییانی بوار و پسپۆڕی تایبەتییان و زیاتر تێگەیشتنیان لە جیا کردنەوە ، یان بەراوردکردنیان لەگەڵ بابەتی هاوشێوە یان نزیکیان .
3. توێژینەوە بوارێکی باش دەرەخسێنێت بۆ خودی توێژەرەکە و لە رێگەیەوە شارەزایی بابەتی تر دەبێت کە بە شێوەیەک لە شێوەکان یان لابەلا پەیوەندی هەبێت بە بابەتی توێژینەکەوە . ئەم بابەتەش سوود بە خوێنەریش دەگەیەنێ .
4. سوودی رێبازی لێکۆڵینەوە بۆ لێکۆلەر ئەوەیە فێری دەکات چۆن پرۆسەی نووسین دەستپێبکات و چۆن کۆتایی پێبینێت و بە ئەنجامی بەهێز و دروست و نوێ بگات .
5. کاتی بۆ دەگەڕێتەوە و لە لادان و چونە ناو بابەتی ترەوە دووری دەخاتەوە . چڕی و پوختی دوور کەوتنەوە لە وردەکاری بێمانا و بێسوود .
6. لە نائومێدی و دوودڵی دووری دەخاتەوە و هەست کردن بە سەرکەوتن لە کارەکەیدا .
7. ئەنجامی توێژینەوەی زانستی یان داهێنانە یان دۆزینەوەی شتێکی نادیار یان کۆنە کە ئەمانەش سوود بە مرۆڤایەتی دەگەیەنن .

## کەسی لێکۆڵەر :

لێکۆلەر ئەو کەسەیە کە لێکۆڵینەوەکە ئامادە دەکات . لەبەر ئەوەی کاری لێکۆڵینەوە کارێکی زانستی گرنگە هەربۆیە دەبێت لێکۆڵەر کەسێک بێت خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندێتی خۆی بێت . لێهاتوو کارامە بێت . ئارەزووی کارەکەی هەبێت .

1. شارەزایی لە بواری لێکۆڵینەوەکە .

2. حەز و ئارەزووی بۆ کارەکە .
3. دەسەڵاتی بەسەر کارەکەدا بشکێ چ لە ڕووی مادی و بوجەی کارەکەوە چ لە ڕووی بوونی سەرچاوە و تاقیگە ... هتد
4. کەسێکی پشوو درێژ و بە سەبر بێت .
5. گەڕان و پشکنینی ورد و بەدەستهێنانی سەرچاوەی باش .

## مەرجەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی

دەکرێت لە دوو ڕووەوە سەیری لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بکرێت

یەکەم : فۆرم          دووەم : ناوەرۆک

یەکەم : ڕوخسار ( ناونیشان ، دابەش کردنی بەش و بڕگەکان و گونجانیان لەگەڵ یەکتری ، پەراوێز و سەرچاوەکان ، پێشەکی و کۆتایی و ئەنجام و زمان و شێواز )

## ناوەرۆک : خودی بابەتەکەیە " بابەتی لێکۆڵینەوە :

قۆناغی یەکەم و دەستپێکی لێکۆڵینەوەکەیە . هەڵبژاردنی بابەت کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە شارەزایی و حەزو ئارەزوو هەیە .

کە دەبێت ئەم مەرجانە لەخۆ بگرێت :

1. بابەتێکی نوێ بێت و داهێنانی تیا بکات .
2. کارێک کەم و کورت بێت و لیکۆڵینەوەکە کەم و کورتییەکانی چارەسەر بکات .
3. بابەتێک بێت ڕوون نەبێت لیکۆڵینەوەکە ڕوونی کاتەوە .
4. بابەتێکی دوورودرێژ بێت لیکۆڵینەوەکە کورت و پوختی کات .
5. بابەتێکی پەرت و بڵاو بێت لیکۆڵینەوەکە کۆی بکاتەوە .
6. بابەتێک ئاڵۆز و تێکەڵ بێت لیکۆڵینەوەکە ڕێکی بخات .
7. بابەتێک هەڵەی تیا کرابێت لیکۆڵینەوەکە ڕاستی بکاتەوە .

## ناونیشان :

# دانانی پلانی لێکۆڵینەوە